باشترین خێرکردن ئەوەیە بەهۆی دەوڵەمەندییەوە دەبەخشرێت، وئەو دەستەی لە سەرەوەیە خێرترە لەو دەستەی لە خوارەوەیە، وبا یەکێکتان (خەرجکردن) لەسەر ئەو کەسانەوە دەستپێبکات کە بەرپرسیارە لە خەرجکردن لەسەریان

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «باشترین خێرکردن ئەوەیە بەهۆی دەوڵەمەندییەوە دەبەخشرێت، وئەو دەستەی لە سەرەوەیە (دەبەخشێت) خێرترە لەو دەستەی لە خوارەوەیە (وەردەگرێت)، وبا یەکێکتان (خەرجکردن) لە سەر کەسانەوە دەستپێبکات کە بەرپرسیارە لە خەرجکردن لەسەریان»، خێزانەکەی دەڵێت: لەسەرم خەرجی بکە، ودایکی منداڵەکەی (ئەو ئەمەی* منداڵی لێی بووە) دەڵێت: بۆ کێ جێم دەهێڵیت بۆئەوەی پشتی پێ ببەستم؟، وبەندەکەی -(خزمەتکارەکەی- دەڵێت: خواردنم پێبدە وکارم بۆ بدۆزەرەوە. *(ئەمە: واتا ئافرەتی کەنیزەک وبەندە

[صەحیحە] [ئیبنو حیبان گێڕاویەتیەوە - بوخاری گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە ئەوە ڕوونەدەکاتەوە باشترین بەخشین ئەوەیە کە خێرخواز پێویستی بەو بەخشینە نەبێت کە خەرجی بکات لەسەر منداڵەکانی وخێزانەکەی، وپێویستی پێی نەبێت بۆ دانەوەی قەرز، و واجبە مرۆڤ سەرەتا بە خەرجکردن لەسەر ئەوانە دەستپێبکات کە دابینکردنی پێداویستیەکانیان لەسەری واجبە وەکو خێزان منداڵ وبەندەکانی -خزمەتکار وکەنیزەک-، نابێت خەرجی لەسەر کەسە نزیکەکانی نەکات وببەخشێت بە کەسانێک کە لێی دوورن. فەرموودەکە باسی ئەوە دەکات پاش ئەوەی خەرجی پێویستی کرد لەسەر ئەوانەی واجبە پێویستیەکانیان جێبەجێ بکات وئەوەی دەمێنێتەوە لە پارە وسامان دەیبەخشێت بە کەسە دوورەکان لە هەژار وخاوەن پێویستیەکان، پاشان فەرموودەکە فەزڵی بەخشین وخێرکردن ڕوونەدەکاتەوە ئەویش بەوەی ئەو دەستی دەبەخشێت وخەرجدەکات لە سەرەوەی ئەو دەستەیە کە وەردەگرێت وداوا دەکات؛ ئەمیش بەهۆی ئەوەی کەسێک ببەخشێت لە سامانی خۆی خەرجدەکات وچاکەکارە بۆیە شایستەیە پلەی بەرزتر بێت لەو کەسەی داوا دەکات و وەردەگرێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58185